کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
31-12-2007 1:05بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دەبێت گوناهمان چی بووبێت؟؟ ... فرمێسک

تا زۆرتر بچمە ناخی پڕزانستی ئەم وڵاتانە و تا زۆرتر فێردەبم تازۆرترچوا دەوری نیشتمانی خۆم دەبینم، تا دەبینم میللەتەکەم چەند بێ نرخ سەیری داهێنەرەکانمان دەکات ولە مێژوویدا هەمیشە داهێنەربە تواناکانی سەری خۆیان هەڵگرتوەو لەمەنفا کۆچیان کردوەو بە خەمی ئەوەوە سەریان ناوەتەوە کە نیشتمانەکەیان کە بۆی سوتان نرخیانی نەزانیوە!! هەست دەکەم زۆرینەمان بێ گوناە بووین کە پێچراین لە قوماتی دایەپیرەو بانگی محەمەدیان بەگوێماندا دا...
میللەتێکی بێ ڕێکخستن هەمووشتێک گێژاو وجەنجاڵیە نازانم تاکەی هۆشمەند نابن بەرامبەرئەو هەمووکارەساتەی لێیان بەسەرهات، درووست بوونی جاش و خەلەتاندنمان لەلایەن بێگانانەوە سەرهەڵگرتنی داهێنەرەکانمان، کوشتنی کەڵەسیاسیەکانمان بەدەست و بە پلانی خۆمان. ئەم نیشتمانەم پێوستی بەوە نیە ببێتە دوبەی کاتێ دایکەکانمان ئاگری دەست نەکەوێت لەبەری گەرم بێتەوە منالەکانمان لەبەر تێشکی چرا بخوێننەوە؟؟پێوستی بەوەنیە کۆشک و تەلارەکانی بەئاسمانا بچێت کاتێک تاکاکانی مەعنەویاتیان وئارەزوەکانیان لە ژێرزەویدابێت دەبا بەرلەوەی بیر کەینەوە باوەش بۆ ئەم هەموبازرگانە بێگانانە بکەینەوە لەبری ئەوان دەروون ناسانمان بانگ کردایە تا فێریان کردینایە چۆن خۆمان بپارێزین لەپەروەردەی ڕژێمی بەعس چۆن پاک بینەوە لە ڕەوشتی بێگانە پەرستن وهەستی خۆ بەکەم زانین!!
سودمان لەو میللەتانە وەر گرتایە کە چۆن خۆیان درووست کردو بۆ خۆشبەختی هاو وڵاتیەکانی کاردەکەن. بچوینایەتەوە سەر ئەوسەرچاوانەی ئێمەیان ژێردەستە کرد کردیانینەچوارپارچە، خەونەکای پێشەواقازیمان بهێنایەتی دی، کارەساتی هەڵەبجەوئەنفالمان لەبیرنەکردایە، کارمان بۆ ئەم هەمووشتە بکردایە، کوردستان بۆهەمووکەسێکە تەنها بۆخۆی نیە، خزمەتی هەمووکەسێک دەکات تەنها تاکەکانی نەبێت...
هەمووکەسێک دەتوانێت بمان خەلەتێنێت وخێروبەرەکەتمان بەرێت تەنها خۆمان نەبین..
دوا کەوتوو ترین وڵاتی دونیا ئەفگانستانە، لەقوتابخانەکانداحافزی شیرازی وانەی سەرەکیانە، قوتابخانەی ئەڵمانی و فەرەنسی و ئینگلیزیان هەیە.. ڕۆشنبیرەکانیان لەدەرەوەی وڵات هەمیشە هەوڵ ئەدەن بەزمانە بێگانەکانی دونیا باس لەفەرهەنگ وشانۆ وکەلتوری خۆیان بکەن تەنانەت کاتێ وڵاتی خۆشیان جێدێڵنن دەیانەوێت کارێ فێربن سبەی خزمەتی ئەفگانستان بکات، ، کەچی زیندانەکانی ئێرە پڕەلەلاوی کورد، هەمووکارەناپاسایەکانی ئێرە زۆرینەی کورد دەیکات، کەمێکن ئەوانەی کاربۆ بەرزکردنەوەی میللەتەکەی خۆی دەکات و هەوڵ بداتسوود لە زانستەکانی ئێرەوەربگرێت ئەو نوخبەکەمەش لەنیشتمانەکەی خۆیاندا هەمیشە دەست بەڕویانەوەدەنێن.... میللەتێک پشتی لەزەرادەشت کرد کاتێ فەیلەسوفی بەناوبانگی ئەڵمانی نیتچە لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا *
دەڵێت من سودم لە فەلسەفەی زەرادێسموس وەرگرتوە. خۆمان کە خاوەنی ئەم پێخەمبەرەگەورەیەین نەمان توانی سوودی لێوەرگرین و لەسەر ڕەوشتی ئەو بڕۆین..
کورد هۆشیارنیە بەرامبەر دوژمنەکانی، خۆی پێ دروست ناکرێت یا نایەوێت دوور لەوان خۆی درووست کات. ئەوانیش بەکاریان دێنن بۆ خزمەتی خۆیان کارەساتە گەورەکەش هاو وڵاتین وئەوان قوربانین و باجی ئەمە ئەدەنەوە...
شانۆبەشەیکی ترە وڕوویەکی ترە کە چوە چوار چێوەی ئەم گێژاوەوە گەورەترین نمونەش دەست خستنە ناودەستی ئەوبێگانانەیە کە خزمەتی خۆیان دەکان لەڕێگایشانۆوە نە شانۆی کوردی ونە هونەری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

31-12-2007 1:05بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کوردی بۆ ئەوان مەسەلەیەکی ئەخلاقیە ئەوەنەی گیرفان پڕکردنیان نەبێت وبەرژەوەندیە کانیخۆیان نەبێت.. گشتی ئەو کۆلیژانەی لە وشارەی تێیدا دادەمەزرێن دەبێت بەزمانی ئەوجێگایە وانەکانی بلێتەوە و بەرنامەو پرۆگرامەکانی داڕێژێتەوە، بەڵام لای ئێمە دەبێت پێش قوتابیەکانمان ڕێز لە مامۆستا بێگانەکان وەرگرین و دڵیان نەشکێنین خاوەن ماڵ ببێتە میوان و میوانیش خاوەن ماڵە!!!ئیدی بۆ فرمێسک هەڵڕێژین بڵێین بۆ گەنجانمان هەستی نەتەوایەتیان کەم دەبێتەوە ساتێ لەبەرچاویان ڕۆژانە هەزاران جار نیشتمانەکەی دەفرۆشن؟؟بە میتۆدی جیاواز جیاواز..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.